ڕۆمانۆسکی: کۆی ئەو پارە دانراوانەی لە بانکەکانی عێراقدا هەڵگیراون 37% زیادیکردووە،

باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا لە پەیامێکدا دڵنیایی دەداتە حکومەتی فیدڕاڵی عێراقی و ڕایگەیاند، بۆ کارکردن لەگەڵ عێراق لەسەر چاکسازی، بەشداردەبن لە دروستکردنی متمانە بۆ کەرتی بانکی، دەشڵێت، "خزمەتگوزارییە بانکییە مۆدێرنەکان ڕێگە بۆ وەبەرهێنانی بیانی زیاتر و پاراستنی پارە لە تاوانە داراییەکان و دزی و زیانەکان دەدەن".

ئالینا ڕۆمانۆسکی، باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا لە پەیامێکدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی "X" (پێشتر تویتەر) ڕایگەیاند، "داتاکانی بانکی ناوەندی عێراق ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆی ئەو پارە دانراوانەی لە بانکە بازرگانییەکانی عێراقدا هەڵگیراون لە ماوەی دو ساڵی ڕابردودا نزیکەی 37% زیادیکردووە، هەروەها لە ساڵی 2021 تا ساڵی 2022، کۆی ئەو کەسانەی هەژماری بانکییان لە ناوخۆدا هەیە بانکەکان بۆ ڕێژەی 31% زیادیان کردووە".

باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا داتا نوێکانی بانکی ناوەندی عێراق بە "پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەر" ناوبردوە و نوسیویەتی، "ئێمە بۆ کارکردن لەگەڵ عێراق لەسەر چاکسازی، بەشدار دەبین لە دروستکردنی متمانە بۆ کەرتی بانکی، خزمەتگوزارییە بانکییە مۆدێرنەکان ڕێگە بۆ وەبەرهێنانی بیانی

زیاتر و پاراستنی پارە لە تاوانە داراییەکان و دزی و زیانەکان دەدەن".